

# لە خورماڵ گرفتی نیشتەجێ بوون گەنجانی نائومێد کردووە

عومەر خۆی و خێزانەکەی مامۆستان لە یەکێك لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی خورماڵدا و دوو منداڵیان هەیە، لەماوەی دووساڵدا سێ جار کۆچیان کردووە و ئێستا لە خانوویەکدا دەژین کە هیچ مەرجێکی ژیانی تێدا نییە، سەرەڕای ئەوەش (650000)دینار کرێی مانگانە دەدەن.

بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە لەو شارۆچکەیە عومەر و خێزانەکەی تووشی زۆر گرفت بوون و ناخۆشی زۆریان دیوە، چیرۆکی گەڕانی ئەم خێزانە بەدوای خانوودا لەو شارۆچکەیە چیرۆکێکی دەگمەن نییە، بەڵکو ئەوە چیرۆکێکە بۆ زۆربەی گەنجەکانی شار ڕاستە و ڕۆژانەش دووبارە دەبێتەوە.

خورماڵ یەکێکە لە شارۆچکە دێرینەکانی کوردستان و دەکەوێتە (70کم) باکوری ڕۆژئاوای سلێمانییەوە و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (10) هەزار کەس دەبێت.

عومەر بە دەم و چاوێکی پڕ گلەییەوە دەیوت"هیچ یاسایەك نییە بۆ پشتگیری کردنمان و خاوەن خانوو بە ئارەزوی خۆیان بەرز و نزمی و ماوەی مانەوە لە خانووەکاندا دیاری دەکەن" (شاکر) کە فەرمانبەرێکی حکومەتە لەو شارۆچکەیە و ماوەی ساڵ و نیوێکە ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە، لەو ماوەیەدا سێ جار کۆچی کردووە و وەکو خۆی دەڵێت"چوارەمیش بەڕێوەیە" (شاکر) کە خاوەنی (17) خاڵە تا ئێستا سێ جار فۆڕمی زەوی وەرگرتنی پڕکردۆتەوە، بەڵام لە هیچ کامیاندا بەخت یاوەری نەبووە و نەبۆتە خاوەنی بستێك زەوی .

نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لەو شارۆچکەیەدا نەك تەنها گرفتێکی گەورەی دروستکردووە بۆ ئەوانەی کە چوونەتە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵکو گرفتێکی گەورەشە لەبەردەم ئەو گەنجانەدا کە دەیانەوێت بچنە ژیانی هاوسەرییەوە.

(هێمن) کە مامۆستایەکی دواناوەندی شارۆچکەکەیە و تەمەنی (26) ساڵە یەکێك لەو گرفتانەی کە وایکردووە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نەدات نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە.

ئەو گلەیی لە بەرپرسان کرد و وتی"شار و شارۆچکەکانی تر هەمیشە لە فراوانبووندان، بەڵام ناوچەکەی ئێمە بە پێچەوانەوە هەمیشە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە" هێمن گلەیی لە جێگری سەرۆکی حکومەت کرد و وتی"بەڵێنی کردنەوەی (100) خانووی پێداین، بەڵام تا ئێستا دیار نییە و نازانم چی لێهات؟"

سەرۆکی شارەوانی خورماڵ وتی"بەر لە ئێمە خورماڵ وەکو گوندێکی گەورە وابوو، هیچ بنەمایەکی یاسایی و هونەری تێدا نەبووە، بەهۆی ئەو دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکانەی لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەوابوون هەر لە ڕژێمی بەعسەوە تا حیزبە ئیسلامییەکان"

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێمە لەگەڵ ناحیەدا هەر ئەوەندە لە توانامانـدا بووە هەندێك کاری یاسایی و هونەری بۆ ئەنجام بدەین بۆئەوەی وەکو ناحیەیەك حسابی بۆ بکرێت، بۆیە نەیانتوانیوە وەکو شوێنەکانی تر زەوی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی شارۆچکەکە دابین بکەن.

پێدەچێت وەرگرتنی زەویش وەکو خەڵکی شارۆچکەکە باسی دەکەن بە کەسانی تر شتێکی دەگمەن نەبێت.

(ئەحمەد) کە فەرمانبەرە و (25) ساڵ خزمەتیشی هەیە و خاوەنی شەش منداڵە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە پارەوە ژمارەی زەوییەکیان پێداوم، بەڵام تا ئێستا زەوییەکەم وەرنەگرتووە، ئەو وتی"کەسی دیکە هەیە کارمەندیش نییە و زەوی لە باشترین شوێن وەرگرتووە و کردوویەتی بە خانوو"

بەپێی ڕاپرسییەکی مەیدانی کە لە نێو (100) کوڕ و کچی گەنجی ئەو شارۆچکەیە ئەنجام دراوە لەلایەن ئۆفیسی خورماڵی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوانەوە، دەرکەوتووە (67٪)ی گەنجان بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە خێزانیان دروستنەکردووە، هەروەها بەپێی ڕاپرسییەکی دیکەی هەمان دەزگا کە لە نێو (100) لاوی خێزاندار ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە (71٪)یان لە کرێچیدان و (10٪)یان لە ماڵی باوك و (20٪)یان لە خانووی خۆیاندان.

(سارا) کە کچێکی گەنج بوو وتی"یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانم بۆ قبوڵکردنی داواکارەکانم خانووی سەربەخۆبووە، دوو داواکارم ڕەتکردۆتەوە بەبۆنەی ئەم حاڵەتەوە کە زۆریش گونجاوبوون بۆم کە زەماوەندیان لەگەڵ بکەم، دواجار خواستەکەم هاتە دی و ئێستا خۆش بەختم و دوورم لە گرفتەکانی کرێچییەتی و مەرج و بۆڵەبۆڵی خاوەن خانوو"